2

# ڕاستیێتی جنۆکە

## لەڕوانگەی قورئان و سوننەتەوە

ئامادەکردنی/ عبدالملك

چاپی دووەم ١٤١٩

بسم الله الرحمن الرحيم

## بەشی یەکەم

### جنۆکە راستی یەو ئەفسانە نی یە

دەربارەی ئیمان بون بەغەیب زۆر ئایەت و فەرموودەی لەسەر هەیە لەبەرئەوە ئێمە جنۆکە نابینین ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کەبوونیان نی یە. چونکە هەریەك لەعەقڵ و رۆح و ژیری و کارەباو هێزی موگناتیزی و...هتد نابینرێن و خاوەن هۆش دان بەبونیان دا دەنێ.

جنۆکە عالەمێکی غەیبن و لەئاگری ساغی بێ دوکەڵ دروست بوون بەڵام ئێستا ئاگرنین هەروەکو چۆن ئێمە لەخۆڵ دروست بوین ئێستا لەشێوەی خۆڵدا نین. بەڵگەش لەسەرئەوەی کەئێستا ئاگر نین:

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (شەیتان لەلەشی ئینساندا هات و چۆ دەکات بەبۆری خوێندا..) جاخۆ ئەگەر ئاگر بونایە ئەسوتاین. پاشان جارێکیان پێغەمبەری خوا (ﷺ) نوێژی دەکردو شەیتان هات بۆی بەتۆپەڵێك ئاگرەوە خەریك بوو دەم و چاوی پێ بسوتێنێ. بەڵام پەلاماری داو قورگی گرت هەتا پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (تەڕایی زوبانی کەوتە سەردەستم) رواه النسائي بإسناد صحيح.

جائەگەر ئاگر بوایە چۆن زوبانی تەڕ دەبێ.

جۆرەكانیان:

هەیانە باڵدارەو لەهەوادا دەفڕن، وەهەیانە لەشێوەی مارو دوپشكدایە. وەهەیانە وەكو مرۆڤ دێن و دەچن....

شوێنیان:

جنۆكە بەگشتی لەشوێنی چۆڵ و بیاباندان و هەیانە لەشوێنی پیسدا دەژی.. وەهەیانە لەگەڵ مرۆڤدایە لەماڵدا. وەهەیانە لەكون و كەلەبەردایە وەلەمۆڵگای حوشتریشدا هەن.

خواردنیان:

خواردنی جنۆكە بریتی یە لەئێسقان و شیاكەو تەپاڵەو بەدەستی چەپ دەخۆن و دەخۆنەوە. وەلەسەقفی خانوی ماڵەكاندا هەن كاتێك نان دادەنرێ دادەبەزن و لەگەڵیان دەخۆن.

جنۆكە دووشاخیان هەیە: ابن تیمیة دەڵێت:

(جنۆكە خۆیان دەگۆڕن بۆ شێوەی مرۆڤ و سەگی ڕەش و پشیلەی ڕەش. لەبەرئەوەی ڕەنگی ڕەش هێزی گەرمی زۆر تێدایەو ئەوانیش لەئاگر دروست بوون) وەشەیتان كەجنۆكەیە خوا دەفەرموێ: (كَانَ مِنَ الجِنِ فَفَسَقَ عَنْ أمرِ رَبِّه...)، لەشەڕی بەدردا خۆی خستە شێوەی (سوراقەی كوڕی مالیك)ەوە... ابن تیمیة دەڵێت:

(...وەخۆیان دەخەنە شێوەی مارو دوپشك و حوشترو مانگاو مەڕو بزن و ووڵاغ و گوێ درێژو باڵندەو مرۆڤ).

ئایا چۆن دەگۆڕێن بۆ سەر ئەم شێوانە؟

وەڵام/ ئیحتیماله خوا چەند ووشەیەكیان فێر بكات كەبیڵێن دەگۆڕرێن،

یان کردەوەیەك، دەکەن. کەواتە لەو کاتەدا (الغیلان) واتە سیحر دەکەن.

پرسیار/ ئێمە دەڵێین نایانبینین ئەی باشە چۆن مارو دوپشك و ئەو شتانە دەبینین کەخۆیان دەخەنە شێوەی، ئەوە نی یە خوای گەورە دەفەرموێ (إِنَّهُ يَرَاكُمْ هُوَ وَقَبِيلُهُ مِنْ حَيْثُ لَا تَرَوْنَهُمْ) الأعراف/٢٧. واتە: ئەو -واتە شەیتان- ئەتانبینێ خۆی و هۆزەکەی لەکاتێکدا ئێوە نایانبینن؟

وەلاّم/ راستە ئێمە جنۆکە نابینین بەلاّم ئەمە تایبەتە بەوەی کەلەسەر ئەو شێوە حەقیقی یەی کەدروست کراون لێ ی ئێمە نایانبینین.

جۆرەکانی جنۆکە:

جنۆکە نێرو مێ یان هەیە. پێغەمبەر دەفەرموێ (ﷺ) ئەگەر چوونە سەرئاو بلێن (اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ الْخُبُثِ وَالْخَبَائِثِ) رواه البخاري ومسلم. (ابن الأثير) لە سەر ئەمە دەڵێت: الخبث کۆی (الخبيث)ە وە(الخبائث) کۆی (الخبيثة)یە. واتە جنۆکەی نێرو مێ.

وەپاشان جنۆکە وەکو مرۆڤ موکەللەفن بەکاری شەرعي و لەسەر ئەوان عیبادەت وەك ئێمە فەرزە خوای گەورە دەفەرموێت (وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ). واتە: جنۆکەو مرۆڤم تەنها بۆ پەرستش دروست کردووە. وەجنۆکەوەکو مرۆڤ کافرو موسڵمان و فاجرو مونافق و موشرك و هەتا بیدعەتکاریشیان هەیە، خوای گەورە دەفەرموێت (وَأَنَّا مِنَّا الصَّالِحُونَ وَمِنَّا دُونَ ذَٰلِكَ كُنَّا طَرَائِقَ قِدَدًا) الجن/١١.

واته: ئێمه پیاوچاك‌و پیاوخراپ‌و بێ بڕوامان تێدایه. وەچەندان کۆمەڵی جیاوازمان تێدا هەیە.
ابن تیمیة دەڵێت: (کافرو موسڵمان‌و مبتدع‌و ئەشعەری‌و معتزلەو رافضەو شیعەو هەموو جۆرە مەزهەبێکیان تێدا هەیە!).
وەموسڵمانەکانیان لەقیامەتدا دەچنە بەهەشت‌و بێ بڕواکانیشیان بۆ دۆزەخ خوای گەورە دەفەرموێت: (لَم يَطْمِثْهُنَّ إِنسٌ قَبْلَهُم ولا جان) الرحمن/٥٦.
واته: لەباسی حۆری‌یەکانی بەهەشتدا دەفەرموێت: ئەو حۆریانە نەمرۆڤ دەستی بۆ بردون نەجنۆکە. کەواتە لەناو بەهەشتدا جنۆکەی تێدایە. وەدەفەرموێت: (يُعرَفُ المُجرمونَ بسيماهُم فَيُؤخَذُ بِالنّواصي وَالأَقدام فبأي آلاء رَبّكما تُكَذّبانَ) الرحمن/٤٢.
واته: تاوانباران بەدەم چاویاندا دەناسرێنەوە فریشتەکان بەپێستی ناوچەوان‌و قاچیان رایان دەکێشن. ئیتر کام لەنیعمەتەکانی خوا بەدرۆ دەزانن‌و ناڵێن لەلای خواوەیە ئەی کۆمەڵی انس‌و جن.
کەواتە هەڕەشەکەی دۆزەخ بۆ مرۆڤ‌و جنۆکەشە.
پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (کاتێك خوای گەورە فەرمووی: فبأي الاء ربكما تكذبان) واته: ئایا کام نیعمەتەی خوا ئینکاری دەکەن‌و بەدرۆی دەخەنەوە ئەی کۆمەڵی مرۆڤ‌و جنۆکە. لەو کاتەدا جنۆکەکان وتیان: (وَلا بشيء من آلائِكَ ربنا نكذب فَلك الحمد) واته: (هیچ کام لەنیعمەتەکانت بەدرۆ ناخەینەوە پەروەرگارمان سوپاس بۆ تۆ) رواه الترمذي والبزاز والحاكم ورواه ابن جرير عن ابن عمر وحسنه.

جنۆکە زۆر لەمرۆڤ دەترسن و حەسودی بەمرۆڤ دەبەن و چاوی تێ دەکەن. وەجنۆکەزاوزێ دەکەن و شوکردن و ژن هێنانیان هەیە.
بەڵام جۆرە خالصەکەیان ناخۆن و ناخۆنەوەو نامرن -تاقیامەت-و لەدایك نابن، کەئەمانە بریتین لەرەشەبا. بەڵام جۆرەکانی تر دەخۆن و دەخۆنەوەو لەدایك دەبن و دەمرن و ژن دێنن و شوو دەکەن.
جنۆکە شایەتی دەدات بۆ مرۆڤی بانگدەر لەرۆژی قیامەتدا. وەپاشان جنۆکەبەزۆری دوای ئێوارە بڵاو دەبێتەوە. بۆیە واچاکەلەو کاتەدا نەیەڵی مناڵەکان یاری بکەن و دەرگاکانی حەوشەدا بخەن و بسم الله بکەن. وەهەندێ ئاژەڵ هەن جنۆکە دەبینن وەك (گوێدرێژ) (کەلەو کاتەدا دەزەڕێنێ ئەوە شەیتانی بینیوە) رواه البخاري ومسلم عن أبي هريرة.
وەجنۆکە گوێ دەگرن لەئاسمان بۆ دزینی هەواڵە غەیبیەکان وەهەموو مرۆڤێك شەیتانێکی لەگەڵدایە وەك پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت لەگەڵ فریشتەیەکدا، شەیتانەکە هانی دەدا بۆ خراپەو فریشتەکەش هانی دەدا بۆ چاکە. ووتیان: تۆش ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)؟ فەرمووی: بەڵێ، بەڵام من خوای گەورە یارمەتی دام و شەیتانەکەم ئیمانی هێناوە. چاکە نەبێ ئەمری هیچم پێ ناکا. بەڵام ئەم موسڵمان کردنە تایبەتە بەپێغەمبەرەوەو ئێمە ناتوانین موسڵمانی بکەین. بەڵام دەتوانین یۆڕی بدەین ئەویش بەعیبادەتی زۆر.
جنۆکە لەمانگی رەمەزاناندا دەبەسرێنەوە. قوربانیکردن و پشت بەستن و پەناگرتن بەجنۆکەو هاوارکردنی لێی شیرکە. وەجنۆکە

لەهەندێك ماڵدا هەیەو زەرەری پێ دەگەیەنێ. بەڵام ئەگەر زانیت لەماڵێکدا جنۆکەی تێدایە بەم شێوەیە دەردەکرێت:

١) خۆت و دوو کەس بچنە ماڵەکەوەو بڵێ: **(أناشِدكم بالعهدِ الذي أخذه عليكُم سليمان أن تَخرُجوا وترْحَلواْ مِن بيتنا. أناشدكم الله أن تَخرُجوا ولا تُؤذُوا أحدا)** سێ رۆژ لەسەر یەك ئەمە دووبارە بکەرەوە.

٢) ئەگەر دوای ئەمە هەستت بەشتێك کرد لەماڵەکەدا ئەوا لەجامێکدا هەندێك ئاو بهێنەو پەنجەکانی خۆتی تێ بکەو لەدەمتەوە نزیکی بکەرەوەو بڵێ:

**(بِسْمِ الله، أَمَسَّينا بالله الذي لَيْسَ منهُ شَيءٌ ممتنعٌ وبعزة الله التي لا تُرامَ ولا تُضامَ. وسلطانُ الله المَنيع نَحتجبُ وبأسمائه الحُسنى كُلّها عائذٌ مِنَ الأبالِسة ومن شَرِّ شَياطين الانس والجنِّ ومِنْ شَرِّ كُلِّ مُعْلِنٍ ومُسرٍّ، ومِنْ شَرِّ مَايَخرجُ بالليل ويَكمنُ بالنهار، ويكمنُ بالليل ويَخرُجُ بالنهار، وشَرِّ ما خَلقَ وذَرأَ وبَرأَ، ومِنْ شَرِّ ابليسَ وجُنودهِ ومِنْ شَرِّ كُل دابةٍ أنتَ آخذٌ بناصِيَتها أنَّ ربي على صراطٍ مستقيم. أعوذُ بما استعاذَ بِه ابراهيمَ وموسى وعيسى ومِنْ شَرِّ ما خلقَ وذرأَ وبرأَ، ومِن شر ابليس وجنودهِ ومِنْ شَرِّ مَايبغي، أعوذُ بالله السميع العليم مِنَ الشيطان الرجيم، بسمِ الله الرحمن الرحيم: والصافات صفا.......... شهابٌ ثاقبٌ).**

ئینجا ئاوەکە بکە بەسوچ و کەلێنی ژورەکەدا بەئیزنی خوا دێنە دەر.

بەڵام نیەتت بۆ خوا بێت و پشت نەبەستی بەم دوعایە بەڵکو تەنها

پشت بەخوا ببەستە/ الوابل الصیب.

جنۆکە کەم نرخ ترە لەمرۆڤ و بەقەدەر مرۆڤ رێزو کەرامەتی نی یە.

خوای گەورە دەفەرموێت: (وَلقد کرّمنا بني آدم) (ولقد خلقنا الإنسان في أحسنِ تقویم) وەجنۆکە ئەزیەت و ئازاری مرۆڤ دەدەن ئەویش لەبەر دووهۆ:

١) یان ئەوەتا زەرەرت لێ داون و تۆڵەت لێ دەکەنەوە، بەخۆشت نەزانیوە، وەکو رشتنی ئاوی گەرم بەشەودا و نەوتنی بسم الله کەلەوە دەچێ بیانسوتێنی. یان بەرد هاویشتن بۆ تاریکایی شەو یان پشیلەو سەگ و شتی تر، یان بازدان بۆ شوێنێکی ترو نەڵێی بسم الله، ئەمە خراپە.

٢) یان ئەوەتا هەر بەئارەزوو زوڵم دەکەن هەروەک چۆن مرۆڤ زوڵم دەکات و شەڕی پێ دەفرۆشێ ئەمانەش بێ بڕواکانیانن

## بەشی دووەم

### پەرکەم راستی یەکەی و چارەسەری

الصرع: واتە فێ و پەرکەم، ئاڵۆزی یەکە تووشی مرۆڤ دەبێ لە عەقڵ و بیری دا.. بەجۆرێك کە نەخۆش نازانێ چی دەڵێ و ئاگای لەخۆی نامێنێ هۆکانی زۆرن یەکێك لەو هۆیانە ئەوەیە کە جنۆکە ئەچێتە ناولەشی مرۆڤەوە خوای گەورە دەفەرموێ

کما یقوم الذي یتخبطُهُ الشیطانُ مِن المس] البقرة/ ٢٧٥..

المس/ واتە شێتی..

واتە/ سوو (ربا) خۆر لە قیامەتدا زیندوو دەبێتەوە وەکو ئەوەی شەیتان شێتی کردبێ لە ترسدا. پێغەمبەری خوا (ﷺ) چوو بۆ سەردانی نەخۆشێك کە جنۆکە لەلەشیدا بوو تفێکی کردە دەمیو فەرمووی: **(اُخرُج عَدُوَّ الله)** دوو تاسێ جار واتە: وەرە دەرەوە دوژمنی خوا -واتە شەیتان- دوایی چاك بوویەوە.

نەخۆش وای لێ دێت کە لێی دەدەیت هەستی پێ ناکاتو ئازاری ناگات لەو کاتەدا کە بووراپەوە بەگوێیدا بڵێ **(أفَحَسِبتُم أنَّما خَلَقناكُم عَبَثاً وَأنَّكُم إلَينا لاتُرجَعُون... تا کۆتایی)** سورة المؤمنون/ حديث حسن رواه أبو يعلى عن عبدالله بن مسعود..

پرسیار/ بۆچیو هۆی چییە جنۆکە دەست لە مرۆڤ دەوەشێنێو دەچێتە لەشیەوە؟

وەلاّم/

١- عاشق بوونی نێری جنۆکە بەمێی مرۆڤو بەپێچەوانەوە.

٢- زوڵم کردنی مرۆڤ لە جنۆکە بەئاو پیاکردنی گەرم یان بازدان لە شوێنێکی بەرزەوە بۆ سەر جنۆکەیەك یان....هتد.

٣- زوڵم‌کردنی جنۆکە بەبێ هۆ بۆ مرۆڤ یان تووڕەبوونی یان ئەترسێ یان بەئارەزوو یان جنۆکەکە ئاگای لێ نەبووەو بەئارەزوو نەبووە.

جنۆکە گڕو گەرمی ئاگرە لە هەر شوێنێکەوە بیەوێ دەچێتە ناو لەشی‌مرۆڤەوە -بەزۆری مرۆڤی ترسنۆکی ئیمان کز یان بێ ئیمان- وەبەرەو مۆخ دەکەوێتە رێ.

## دیاردەکانی ئەو کەسەی جنۆکە لەلەشی دایە

١/ لەکاتی خەوتندا: درەنگ خەوی لێ دەکەوێ‌و زوو زوو خەبەری دەبێتەوەو مۆتەکە دێتە سەری‌و خەوی ترسناك دەبینێ‌و ئاژەڵ‌و پشیلەو سەگ‌و مشك‌و شتی تر زۆر دەبینێ‌و بەدەم خەوەوە دانی دەگەزێ‌و دەگری‌و پێ‌دەکەنێ‌و هاوار دەکات‌و دێت‌و دەڕوا. وەلە خەوی‌دا وادەزانێ لە شوێنی بەرزەوە دەکەوێتە خوارەوە، وەخەو بەسەر قەبران‌و شوێنی پیس‌و خەڵکی زۆر عەجایەبەوە دەبینێ، وە وەحش‌و دێوو درنج لە خەوی‌دا زۆر دەبینێ.

٢/ لەکاتی بەخەبەری‌دا: هەمیشە سەری ژان دەکات بەبێ هۆ، وەتەمبەڵی‌و تەوەزەلی زۆرە، وەلەشی تەشەنوج دەکات‌و ئازاری هەیەو چارەسەر ناکرێ، ئەم نەخۆشە چاك دەبێتەوە (ان‌شاءالله) بەڵام ڕێگاکەی سەختەو مەرجی خۆی هەیە.

### سیفەتی چارەسەرکەر (معالج)

١- عەقیدەیەکی پاکی سەلەفی هەبێ‌و مشرك نەبێ.

٢- یەکتاپەرست بێت لە گوفتارو ڕەفتاری‌دا.

٣- باوەڕی بەتەئثیری قورئان هەبێ لەسەر جنۆکەو شەیتان.

٤- شارەزا بێت بەحاڵی جنۆکەو شەیتان.

٥- لەفێڵ‌و مەکری جنۆکەو شەیتان شارەزا بێت.

٦- باشتر وایە ژنی هەبێ.

٧- دووربێت لەو تاوانانەی کەشەیتان نزیك دەکاتەوە لە مرۆڤ.

٨- پەرستش‌و عیبادەتی زۆر بێت کەوا دەکات لوتی شەیتان بشکێ.

٩- بەردەوام بێت لە ذیکری خوا.
١٠- نیەتی پاك بێت بۆ خواو اخلاصی تێدابێت.

## چارەسەرکردن

١/ پێش چارەسەر کردن ئەمانە بکە: لێ کردنەوەی وێنە لەژوورەکەداو سوتاندنی نوشتەو شتی ترو کپ کردنی ژوورەکەو نەهێشتنی دەنگی گۆرانیو مۆسیقاو نەهێشتنی تاوانو مخالفەی شەرعي، وەکو ئاڵتون لە دەستی پیاوداو ئافرەتی سفور. وەوتنەوەی وتارێكو باس کردنی عەقیدەو باس کردنی جیاوازی ئەم حاڵەتەو سیحرو روون کردنەوەی ئەم راستی یە بۆیانو لە کۆتایی دا ئەم پرسیارانە لە نەخۆشەکە بکە:
(ئایا ئاژەڵ دەبینی لەخەوتدا؟ چەندن؟ هەمان ئاژەڵن؟...) وە دەست نوێژ بگرەو دوعای خێریش بکە لە خوا کە یارمەتیت بدات..
٢/ شێوازی چارەسەرکردن: دەست بخەرە سەر سەری نەخۆشەکەو ئەم ئایەتانە بخوێنە:
(الفاتحة) (البقرة١-٥) (البقرة ١٦٣-١٦٤) (البقرة ٢٥٥-٢٥٧) (البقرة ٢٨٥-٢٨٦) (ال عمران ١٨-١٩) (الاعراف ٥٤-٥٦) (المؤمنون ١١٥-١١٨) (الصافات ١-١٠) (الاحقاق ٢٩-٣٢) (الرحمن ٣٣-٣٦) (الحشر ٢١-٢٤) (الجن ١-٩) (الاخلاص) (الفلق) (الناس).
ئەوا یان رادەکات بێ قسەکردن یان دەکەوێتە قسە. بەلاّم حەز مەکە قسە بکات حەز بکە رابکات بەبێ روو بەروو بوونەوە چونکە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت (لَاتتَمَنوا لِقاءَ العدوّ...) متفق عليه. واتە ئاواتی بەرەنگاری دوژمن مەخوازن.

پرسیار/ ئەگەر رای نەکرد چۆن دەزانی جنۆکەکە هاتووەو ئامادەیە؟
وەڵام/
أ) چاونوقاندن یان دەست خستنە سەری.
ب) لەرزان (رعشة).
ج) هاوارکردن و راپەڕین.
ء) وتنی ناوی خۆی -جنۆکەکە-.
٣/ پرسیار لێ کردن: بەجنۆکەکە بڵێ ناوت چی یە؟ دینت چی یە؟ هۆی چوونە ژوورەوەت بۆ لەشی ئەم مرۆڤە چی یە؟ کەسی ترت لەگەڵدایە؟ سیحر دەزانی؟ لە کوێی لەشی دایت؟
٤/ چۆنیەتی مامەڵە لەگەڵ جنۆکەی موسڵماندا: بیترسێنە بەئاگری دۆزەخ و رادەی ئەم تاوانەی بۆ روون بکەرەوە کەچی لەم مرۆڤە کردووەو وای لێ بکە کە بچێتە دەرەوە. بەڵام ئەگە ر موسڵمان نەبوو داوای موسڵمان بوونی لێ بکەو زۆری لێ نەکەی، پاشان بەڵێنی لێ وەرگرە کە نەگە ڕێتەوە ناو لەشی و تەوبە بکات.
٥/ بڵێ لە کوێوە دەچیتە دەرەوە: ئەگە ر وتی لەسکی یەوە دەردەچم، بڵێ نەخێر نابێ، دەبێ لەلوت و دەم و گوێ و پەنجەکانی یەوە دەربچی، وەفێری بکە کە رۆی بڵێ (السلام علیکم).
٦/ جاری واهەیە درۆ دەکات: دەڵێ دەردەچم و پە یمانت دەداتێ بەڵام دەرناچێ لەبەر ئەوە عیلاجەکە دووبارە بکەرەوە پێی دەزانی.

## بەشی سیهەم

### خۆدەرخستنی شەیتان بۆ پێغەمبەران

شەیتان خۆی نیشانی زۆربەی پێغەمبەران داوە بەتایبەتی پێغەمبەرمان محمد (ﷺ) ئەوەتا پێغەمبەر (ﷺ) جارێکیان نوێژی دەکرد شەیتان هات و تۆپەڵێ ئاگری پێ بوو ویستی دەم و چاوی بسوتێنێ بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) قورگی گرت و زۆر ئەزیەتی دا هەتا دەفەرموێت: ساردی زوبانیم هەست پێ کرد ئەوەندە دەرپەڕی ئەگەر دوعاکەی سلێمان پێغەمبەر نەبوایە بەرم نەئەداو ئەمدایە دەستی منداڵان یاریان پێ بکردایە، لە ریوایەتێکی تردا دەفەرموێت شە یتان دەیوت (أُوجَعْتَني أُوجَعْتَني) ئازارت دام، ئازارت دام. رواه النسائي باسناد صحيح.

## بەشی چوارەم

### پەیوەندی شەیتان بە مرۆڤەوە

شەیتان لەگەڵ لەدایك بوونی مرۆڤدا بە پەنجەکانی سیخورمەیەکی تێ دەکوتێ بەڵام نەیتوانی وا لە حەزرەتی عیسی بکات، جا شەیتان لەگەڵ گشت مرۆڤێکدا هەیە خۆپاراستن لێی زۆر پێویستە چونکە وازت لێ ناهێنێ و وەکو خوێن لە لەشدا هاتووچۆ دەکات، وەزیاتر بەشەوان زۆر زاڵە لەبەر ئەوە شەوان پێویستە خۆتی لێ بپارێزی بەم رێگایانە:

١- دەست نوێژگرتن پێش خەوتن/ في الصحيحين عن براء بن عازب.

٢- كردنی نوێژی ویتر/ رواه سعید بن منصور بسند جید.

٣- دەست بدە لەیەك و فوی پێدا بكەو (سورەتی «الأخلاص»و «الفلق»و «الناس») بخوێنەو بەلەشتیا بهێنە، لەسەرتەوە دەست پێ بكە./ رواه البخاري عن عائشة.

٤- دوو ئایەیەتی كۆتایی (البقرة) بخوێنە/ في الصحیحین عن أبي مسعود الانصاري.

٥- سورەتێك بخوێنە/ رواه احمد والترمذي عن شداد بن اوس مرفوعا حسنه الحافظ في تخریج الاذكار.

٦- اية الكرسي بخوێنە/ رواه البخاري عن ابي هریرة.

٧- ٣٣ جار سبحان اللهو ٣٣ جار الحمدللهو ٣٤ جار الله اكبر/ رواه الصحیحین عن علي.

٨- دەستی راستت بخەرە ژێر رومەتی راستت و لەسەر لای راست بخەوەو بڵێ: (باسمِكَ رَبِّي وَضَعْتُ جَنبي وَبِكَ أرفَعُه. إن أمسَكتَ نَفسي فارحَمها. وَإِن أرسَلتَها فاحفَظها بِما تَحفَظُ بِهِ عِبادَكَ الصّالِحين) رواه البخاري ومسلم.

٩- ئینجا بڵێ (بسمِ اللهِ وَضَعتُ جَنبي.. اللّهُمَّ اغفِرلي ذَنبي وأخسِىء شَيطاني وَفُك رهاني واجعَلني في الندى الأعلى)/ قال النووي رواه ابو داود بأسناد حسن/ الاذكار ٧٧.

وەبزانە كەشەیتان شەوان لە كونە لوتدا دەخەوێ بۆیە كە لەخەو هەستایت سێ جار فینگ بكە، وەدوای نان خواردن و پێش خەوتن دەستت بشۆ، چونكە شەیتان لێ سەرەوەیەو ئەیلێسێتەوە.

## بەشی پێنجەم

### دەروازەکانی شەیتان بۆ تێکدانی دڵ

(ابن القیم) دەفەرموێت: ڕێگاکانی هەڵخەڵەتاندنی شەیتان بۆ مرۆڤ ئەمانەن:

١- کوفر کردنو هاوەڵ پەیداکردنو دوژمنایەتی لەگەڵ خواو پێغەمبەر (ﷺ).

٢- داهێنان واتە تازەگەری لە ديندا (البدعة).

٣- تاوانی گەورە (الكبائر).

٤- تاونی بچوك (الصغائر).

٥- زۆرکردنی ئەو شتە جائزانەی خێریان نی‌یە وەکو زۆر خەوتنو زۆر خواردنو زۆر قسەکردن.

٦- مەشغوڵ کردنی مرۆڤ بەو کارانەوە کەباشن لەو کارانەی کە باشترینن.

### ڕێگاو فێڵو تەڵەکەی شەیتان بۆ گومڕاکردنی مرۆڤ

١- جوان کردنو رازاندنەوەی تاوان وەك شەیتان وتی (قال ربِّ بما أغْوَيْتَني لَأُزينن لهم في الأرض ولأُغْوينَّهم أجمعين إلا عبادك منهمُ المُخلصين) الحجر/٣٩ـ ٤٠

٢- ناونانی تاوان بەناوی جوان وەك ئادەمی هەڵخەڵەتاند بە(داری نەمری) یان بەرەڵایی دەکات بەپێش کەوتنو فەسادو شەرواڵ پیس دەکات بەهونە رمەندی ئەکتەرو پاڵەوانو زینا دەکات بەسەربەستی ئافرەتو ..... هتد).

٣- ناونانی چاکە بەناوی ناشیرین، وەك موسڵمان ناو دەنێ بە إرهابي و توندڕەو کۆنەپەرست هەر وەك بەپێغەمبەر (ﷺ) دەوترا جادوگەرو شێت و شاعیر..

٤- چوونە ژوورەوە بۆ نەفس لەو شتەوەی کە مرۆڤ زۆر خۆشی دەوێ.

٥- هەنگاو هەنگاو بەکاردێنێ لە گومڕاکردندا وەکو بەسەرهاتی عابیدی ناو ئەشکەوتەکە، لەسەرەتا زینای پێ کرد دوایی قەتلی پێ کرد پاشان کوفری پێ کرد.

٦- بەربەست دانان لە رێی حەقدا، ئەوەتا شەیتان لەبەردەم و پاش و راست و چەپ و سەرو خواری مرۆڤدا دادەنیشێ و دەیەوێ لایدا لە حەق.

٧- خۆی بەئامۆژگاری کەر دەردەخات بۆ مرۆڤ و دەڵێ من چاکە خوازم.

٨- پشت بەستن بەجنۆکەو شەیتانە خراپەکان.

## رێگاکانی چوونە ژوورەوەی شەیتان بۆ مرۆڤ

١- نەفامی (الجهل): [ **قُلْ هَلْ نُنَبِّئُكُم بِالْأَخْسَرِينَ أَعْمَالًا. الَّذِينَ ضَلَّ سَعْيُهُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَهُمْ يَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ يُحْسِنُونَ صُنْعًا** ] الكهف/ ١٠٣-١٠٤.

٢- توورەبوون: لەکاتی توورەبووندا ئەمانە بکە چونکە لەشەیتانەوەیە:

أ) بڵێ (**أَعُوذُ بِاللَّهِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ**)/ رواه البخاري ومسلم عن سليمان بن صرد.

ب) لەبەر خوا ئەو تورەبوونە بگرەوەو بیخۆرەوە ئەوا خوا لە قیامەتدا لەناو هەمـوو خـەڵـکیدا دەرت دێـنێ و کام حـۆریـەت بـەدڵە هـەڵی دەبژێری.

ج) وەبێ دەنگ ببەو قسە مەکە چونکە پەشیمانی لەدوایە.

ء) وەدانیشە ئەگە ر بەپێوە بویت یان راکشێ ئەگەر دانیشتبوویت/ رواه احمد وابو داود وابن حبان عن ابي ذر مرفوعا، قال العراقي سند جيد. وفي حديث رواه الترمذي عن ابي سعيد الخدري وقال الترمذي حديث حسن.

بەلام دەست نوێژگرتن حەدیثی صەحیحی لەسەر نی یە!!

٣- خۆشەویستی دنیا.

٤- هیوا درێژی.

٥- سوور بوون لەسەر تاوان.

٦- بەخیلی.. [الشيطان يَعِدُكُمُ الفَقْرَ وَيَأْمُرُكُمْ بالفَحْشاء، والله يَعِدُكُمْ مَغْفِرَةً منهُ وَفَضْلا والله واسعٌ عليم] البقرة/ ٢٦٨.

٧- كیبرو خۆبەزل‌زانین: [وَلاتمشِ في الأرض مَرَحا، إنَكَ لَنْ تخرقَ الأرضَ وَلَنْ تَبلُغَ الجبالَ طولا] الاسراء/ ٣٧.

وەپێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (لەناو ئاگری دۆزەخدا ملێك دێتەدەر دوو گوێ و دوو چاوو زوبانێکی هەیە دەڵێ: دانراوم بۆ سێ کەس: خۆبەزل‌زانی یاخی بووی عینادو ئەوەی خوای تر بۆ الله دادەنێ و ئەوانەی کە وێنە دەکێشن) رواه الترمذي وقال حسن صحيح غريب.

٨- حەز کردن لە مەدح کردن: پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (ئەگە ر

مەدح کەرانتان بینی خۆڵ بکەن بەدەمو چاویاندا) رواه مسلم والترمذي وابن ماجة عن المقداد.

٩- روپامایی (الریاء).

١٠- خۆ بەچاك‌زانین (العُجُب): بوخاری دەڵێ: گەیشتووم بەسی (٣٠) هاوەڵی پێغەمبەر(ﷺ) هەر هەموویان لەوە دەترسان کەمونافق بن!!

وەئەم خۆبەچاك زانینە دەشکێنرێت بەوەی:

أ) بزانی کە تەوفیق تەنها لەلای خوایە لەکاردا.

ب) تەماشای نیعمەتەکانی خوا بکە بەسەرتەوە.

ج) بترسێ کە نەك کردەوەکانت وەرنەگیرێ لە لای خوا.

ء) تەماشای گوناهەکانی خۆت بکە. ئیتر چۆن خۆت بەچاك دەزانی.

١١- ناشکوری کرد (الجزع والهلع/ سورة المعارج (١٩-٣٥).

١٢- شوێن کەوتنی هەواو ئارەزوو.

١٣- گومانی خراپ بردن.. [وَإِنَّ الظَّنَّ لَايُغْنِي مِنَ الْحَقِّ شَيْئًا].

١٤- رقەبەرایەتی کردنی موسڵمانانو رق لێ بوونەوەیان:

پێغەمبەر (ﷺ) هەتا نەهی کردووە لەوەی کە یەکێك بایەکی لێ بەربێ‌و پێبکەنیت/ رواه البخاري عن عبدالله بن زمعة، چونکە دڵی ئەزیەت دەگات.

١٥- بەکەمو بچوك زانینی تاوان.

١٦- دڵ ئەمینی لە خەشمو غەزەبی خوا: [نَبِّئْ عِبَادِي أَنِّي أَنَا الْغَفُورُ الرَّحِيمُ وَأَنَّ عَذَابِي هُوَ الْعَذَابُ الْأَلِيمُ] الحجر/٤٩-٥٠.

(زرارە ی کوڕی أوفی (ڕەزای خوای لێ بێت) لەمزگەوتی «بني

توشەیر»دا سورەتی «المدثر»ی دەخوێندەوە کە گەیشتە [فَإِذَا نُقِرَ فِي النَّاقُورِ] گیانی دەرچوو) رواه حاکم عن بهز بن حكيم.
وە لەفەرموودەیەکدا هاتووە: (خوای گەورە ئەمر دەکات بەئادەم کە لەسەد کەس یەکێك بەرێت بۆ بەهەشت. ئەوە ئەو رۆژەیە کە مندالّ سەر سپی دەکات و خەڵکی وەك سەرخۆشیان لێ دێت...)
١٧- بێ هیوا بوون لە رەحمەتی خوا: موسڵمان دەبێ چەندە لە غەزەب و عەزابی خوا دە ترسێ بەقەد ئەوەش بێ هیوا نەبێ لە رەحمەت و بەزەیی خوا.

خۆ پاراستنی مرۆڤ دژی شەیتان

١- دڵسۆزی و اخلاص لە کاردا.
٢- ئەنجامدانی بەندایەتی تەنها بۆ خوای تاك و تەنیا.
٣- تێکەڵاو بوونی کۆمەڵی موسڵمانان و زۆر مانەوە لە ناویاندا.
پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: (مَن أرادَ بَحبوحَةِ الجَنَّة فليَلزَمِ الجَماعة. فإنَّ الشّيطانَ مَعَ الواحِدِ وَهُوَ مِنَ الإثنَين أبعَد) رواه أحمد والترمذي وقال حسن صحيح غريب، وصححه الالباني في (ظلال الجنة) .
وەدەفەرموێت: (الجَماعَةَ رَحمَةٌ والفِرقَةُ عَذاب) رواه احمد وقال الالباني: اسناده حسن.
٤- پارێزگاری کردن لە نوێژەبەکۆمەڵەکان (صلاة الجماعة).
٥- پەیوەست بوون بەقورئان و سوننەتەوە.
٦- پشت بەستن بەخوا لە شەیتان.
٧- زۆر گوێڕایەڵی بۆ خوا وەکو زۆر سەجدە بردن و زۆر نوێژکردن.

٨- زۆر وتنی اعوذ بالله من الشيطان الرجيم.
٩- پارێزگاری کردنی ماڵ و منداڵ و سەروەتت لێی.
١٠- خوێندنی سورەتی «البقرة» چونکە شەیتان نزیکی ئەو ماڵە نابێتەوە کەتیایدا سورەتی «البقرة» دەخوێندرێتەوە.
١١- اية الكرسي خوێندن.
١٢- خوێندنی «١٠ ئایەتی سەرەتای البقرة».
١٣- خوێندنی دوو ئایەتی کۆتایی «البقرة».
١٤- خوێندنی (الاخلاص - الفلق - الناس).
١٥- خوێندنی اذكارەکانی رۆژانە.
١٦- چاو پاراستن لە نەضەرو چاو پیسی.
١٧- زوبان پاراستن لە قسەی نابەجێ.
١٨- ورگ پاراستن لە حەرام.
١٩- داوێن پاراستن لە شەرواڵ پیسی و زینا.
٢٠- دەست پاراستن لەدەست درێژی کردن.
٢١- خۆ پاراستن لە ماڵەوە ئەویش بە:

أ) وتنی ذیکر لە کاتی چوونە ژوورەوەدا بڵێ: (بِسمِ اللّهِ وَلَجنا. وَبِسْمِ اللهِ خَرَجنا وَعلَى اللّهِ رَبّنا تَوكّلنا) رواه أبو داود وقال الالباني اسناده صحيح عن أبي مالك الاشعري.

ب) سەلام کردن لە ماڵەوەتان.

ج) ذیکر خوێندن لە کاتی نان خواردن دا.

ء) قورئان زۆر خوێندن لە ماڵەوە.

هـ) لابردنی دەنگە شەیتانی یەکان وەك گۆرانی و مۆسیقا.

و) پاككردنەوەی ماڵ لە زەنگ (الجرس).

ر) پاككردنەوەی ماڵ لەبت و رەسم.

ز) پاككردنەوەی ماڵ لەسەگ.

س) زۆر كردنی نوێژی سوننەت تیایدا، بەتایبەتی شەو نوێژ.

ش) روخۆشی و وتنی قسەی جوان لەگەڵ ماڵەودا.

ل) کەچوویتە دەرەوە بڵێ (بِسْمِ اللهِ تَوَكَّلْتُ علىٰ اللّٰهِ وَلاحَولَ وَلا قُوَّةَ إلاّ بِاللّه) رواه ابو داود والترمذي وقال حسن صحيح وصححه الالباني.

* لەکاتی چوونە مزگەوتدا بڵێ (أَعُوذُ بِاللّٰهِ العَظيمِ بِوَجْهِهِ الكَريم وَسُلطانِهِ القَديمِ مِنَ الشَّيطانِ الرَّجيم) رواه ابو داود وحسنه النووي وصححه الالباني عن عبدالله بن عمرو (ر.ض).

* ئێواران و بەیانیان سێ جار بڵێ: (بِسمِ اللهِ الَّذي لايَضُرُّ مَعَ اسمِهِ شَيءٌ في الأرضِ وَلا في السَّماءِ وَهوَ السَّميعُ العَليم) رواه الترمذي وقال حسن غريب صحيح. وصححه الالباني.

* وە (بِسمِ اللّه) كردن لە هەموو کارێکدا.

* وە باوێشك گەڕانەوە چونكە شەیتان دەچێتە دەمتەوە.

* خۆ نەشوبهاندن بەشەیتان لە:

١- نەخواردن بەدەستی چەپ و نەخواردنەوە پێ ی/ رواه مسلم عن ابن عمر.

٢- وەلەشت دان و شت وەرگرتندا بە چەپ نەبێ/ رواه ابن ماجه. وصحح المنذري سنده عن أبي هريرة.

٣- وەدانەنیشتن لە نێوان سێبەرو هەتاوو نەوەستان لە شوێنی گوماناوی دا.

٤- کەم مەسرەفی وو نەرمو لەسەرخۆ بوون.

٥- بانگ‌وتن شەیتان راو دەنێ.

<u>لە کۆتایی دا</u>

داواکارم لە خوای پەروەردگار لە فێڵ و تەڵەکەی شەیتان بمان پارێزێت و زاڵمان بکات بەسەری داو لە قیامەتدا لە ناو بەهەشتی بەرینی خۆیدا کۆمان بکاتەوە..

وآخر دعوانا ان الحمد لله رب العالمين..

وصلى الله وسلم على محمد وعلى آله وصحبه أجمعين

## سەرچاوە

وقاية الإنسان مِن الجن والشيطان

تأليف

عبد السلام بالي

# حقيقة الجن

# من الكتاب والسنة

مافی چاپ پارێزراوە